# شانۆنامەی بووکەڵەکان

بەهرام بەیزایی

**وەرگێڕانی: ئیمان عەبدولواحید**



١٩ی ئایار ٢٠٢٢ شانۆنامە

**کارەکتەرەکانی نێو شانۆنامەکە:**

**پاڵەوان**

**سیا**

**بازرگان**

**ئاغا**

**شاعیر**

**دێو**

**کچ و**

**پرۆلۆگ**

**پرۆلۆگ**[1]: سڵاوێکی گەرم بۆ ئێوەی پیاوان، سڵاوێکی گەرم بۆ ئێوەی خانمان
بەخێر بێن بۆ سەیرکردنی یارییەکەمان

هەم ئێوەی خانمان، هەم ئێوەی پیاوان.
منداڵان حەز بە یارییەکانی ئێمە دەکەن
بەڵام بۆ ئێوە نازانم.
من مرۆڤەکانی نێو ئەم یارییە دێنمە قسە
چۆن بمەوێ وا دەیانهێنمە قسە،
ئەوان تەنیا گوێ لە قسەکانی من دەگرن

[1] لە دەقە فارسییەکەدا وشەی "مرشد" هاتووە کە بەپێی کۆنتێکست ئەم وشەیە دەلالەت و مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت... بۆ نموونە لە دەقی عیرفانیدا بە واتای ڕابەر و پێشەوای ڕۆحی دێت، یان لە وەرزشی ترادیسیۆنی زۆرخانەیی "مرشد" بەو کەسە دەوترێت کە پاڵەوان و یاریزانەکان بە گۆرانی و شیعر و تەپڵ ئامادە دەکات بۆ یاریکردن و خۆ گەرمکردن ... لەم دەقەدا بە پێچەوانەوەی ئەو واتایەنەی باسکران "مرشد" بە واتای حیکایەتبێژ و گێڕەرەوە دێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی دەقی شانۆیی لە ژانری تری ئەدەبی گەڕاینەوە بۆ سەرچاوە لاتینییەکان و بە تایبەت لای ئۆریپیدۆس و شانۆنامەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و وشەی prologue "پرۆلۆگ"مان لە باتی حیکایەتبێژ هەڵبژارد... پرۆلۆگ بە واتا قامووسییەکەی واتە دەستپێک و پێشەکی. لە شانۆیشدا بە واتای دەستپێکی شانۆ و پێشەکی شانۆیی دێت... بەڵام دواتر واتای ئەو کەسەیشی لە خۆ گرت کە لە سەرەتای شانۆدا، ڕووداو و ئەکت و کارەکتەرەکانی نێو شانۆکە بۆ بینەرەکان باس دەکات و زۆرجار خۆیشی کارەکتەرێکی سەرەکی نێو شانۆکەیە و لە گەڵ کارەکتەرەکانی تردا دیالۆگی هەیە یاخود زۆر جار لە نێو ستەیجی شانۆ دیار نامێنێت و دەگەڕێتەوە... بەپێی ئەو واتایەی لەم دەقەیشدا هەیە پرۆلۆگ بە تەواوەتی پڕ بە پێستی ئەو مانایەیە کە لەم دەقەدا بۆ "مرشد" بەکار هاتووە.

منیش پێیان دەڵێم کە ئێوە بخەنە پێکەنین.

گەر یارییەکەی ئێمە ئێوە سەرقاڵ بکات

مایەی خۆشحاڵییە بۆمان.

ئێمە بەهۆی دڵخۆشی ئێوەوە پارووە نانێکمان دەست ئەکەوێ و،

دڵخۆشی ئێوە، دڵخۆشی ئێمەیە.

ئەگەر منداڵەکانیشتان ستەیجەکەی ئێمەیان لێ دیار نییە، شوێنێکی باشتریان بدەنێ و

گەر گوێیان لە دەنگمان نابێت بۆیان بگێرنەوە،

ئێمە تەنیا بۆ دڵخۆشی و سەرقاڵی ئێوە کار دەکەین.

ئێستا با بچینە سەر چیرۆکەکەمان.

چیرۆکی پاڵەوانێک

پاڵەوانێک لە هەمووان ئازاترە

و هەموو تەمەنی خۆی لە جەنگدا بردووەتە سەر.

جەنگ لەگەل دێو، جەنگ لەگەل پەری

جەنگ لەگەل هەرچی خراپەیە.

لە ڕاستیدا کە خراپە، خراپە.

پاڵەوانەکەی ئێمەش لەگەڵیدا جەنگاوە

و پاڵەوانەکەمان هاوڕێیەکی هەیە ناویسیایە؛

و ئەمسیایە لە پێکەنیندا دەتانپچڕێنێت.

ئەوە ئێوە و ئەمەسیا،

ئەوە ئێوە و ئەمە پاڵەوان،

ئەوە سیا و ئەمە پاڵەوان.

پەردەکە لا دەن.

{پەردەکە لا دەدرێت}

- پاڵەوان وا خەریکە دێت.

پاڵەوانەکەی ئیمە وا دێت.

پاڵەوانێک کە زۆر جەنگاوە،

و لەگەل هەرچی خراپەیە جەنگاوە.

{پاڵەوان دێتە ژوورەوە}

**پاڵەوان:** دوژمن لە کوێیە؟

**پرۆلۆگ:** لە گشت شوێنێک.

**پاڵەوان:** شووشەی تەمەنی کام دێو؟ تەلیسمی جادووی کام جادووگەر؟

**پرۆلۆگ:** سەیری ئەولا بکە.

**پاڵەوان:** {دەخولێتەوە} لە کوێیە؟

**پرۆلۆگ:** لێرە.

**پاڵەوان:** {ڕادەوەستێت} هەر ئەمە نەبوو کە دوێنێ لە قەڵای بەردباران بوو؟

**پرۆلۆگ:** نا پاڵەوان.

**پاڵەوان:** و پێرێ کۆشکی زایەڵەی جادوو؟

**پرۆلۆگ:** گوێی مەدەیە.

**پاڵەوان:** دوو ڕۆژ پێش حەساری ئیلهاکی دێو؟

**پرۆلۆگ:** خەیاڵپڵاو ئەکەی پاڵەوان.

**پاڵەوان:** دوێنێ، دووڕۆژ پێش، سەت سال پێش، هەزار سال. نا

خەیاڵ نییە. ئەم قەڵایە بەرزەم بیرە.

**پرۆلۆگ:** هەموو قەڵاکان لە یەک دەچن و، ئێستا،هەر بژیـ ئەمە تۆ و ئەمەش

قەڵای مەرگ، کاتی نمایشەکەیە شمشێرەکەت هەڵکێشە، هەمووان چاوەرێیبینینی

کارەکانی تۆن.

**پاڵەوان:** چیتر نابێ کەس چاوەڕێی سەیرکردنی من بێ.

**پرۆلۆگ:** ئەمڕۆ پاڵەوانەکەی ئێمە خەمبارە.

خەمبار مەبن؛ سەرگەرمی ئێوە وا دەست پێ دەکا.

**پاڵەوان:** نا پرۆلۆگ من چیتر ناتوانم بینەرەکانی تۆ سەرقاڵ و دڵخۆش بکەم.

**پرۆلۆگ:** بۆچی پاڵەوان؟

**پاڵەوان:** ماندوو بووم.

**پرۆلۆگ:** لە چی؟

**پاڵەوان:** لە سەرگەرمکردنی خۆم و ئەوانی تر.

**پرۆلۆگ:** ماندوو نەبی پاڵەوان.

**پاڵەوان:** ئیتر نامەوێ لەگەل دێو، یان پەری بجەنگم.

خۆم لە کەڕی بدەم، یان کوێری.

**پرۆلۆگ:** نایەوێ، بەڵام دەجەنگێ. ئەمڕۆش کارێکی بەرچاوتان بۆ دەکات دەپرسن چییە؟

هەر پاڵەوانێک دوای حەفتا و دوو جەنگ دەچێتە سەر قەڵای مەرگ، ئەمڕۆش ڕۆژی پاڵەوانەکەی ئێمەیە.

**پاڵەوان:** نا پرۆلۆگ من ئیتر هەموو شتێکم وەلا ناوە.

**پرۆلۆگ:** بێ هیچ قسەیەک؟

**پاڵەوان:** بێ ئەملاولا.

**پرۆلۆگ:** باشە، دەی دوای ئەوە چی دەکەی.

**پاڵەوان:** سەیر دەکەم؛ سەیری جەنگێک دەکەم.

**پرۆلۆگ:** کێ دەجەنگێ؟

**پاڵەوان:** من!

**پرۆلۆگ**: تۆ؟ کەواتە تۆ هێشتایش –

**پاڵەوان**: دەجەنگم!

**پرۆلۆگ**: لەگەل کێ؟ خۆت؟ ئەی هاوار خۆ ئەمە لە کوشندەترین جەنگەکانە.

**پاڵەوان**: براوەیەک لە ئارادا نییە.

**پرۆلۆگ**: بە هەرحاڵ–

**پاڵەوان**: ئەوەی دەدات بە عەردا خۆتی!

**پرۆلۆگ**: ئەو شەڕ ناکا، بەڵام جەنگێکی گەورەتر دەکات؛ لەگەڵ خۆی!

چیتر.

**پاڵەوان**: چی بڵێم؟

**پرۆلۆگ**: باسی خەم و ئازارت بکە.

**پاڵەوان**: ماندووی ماندوو بووم.

**پرۆلۆگ**: لە چی؟

**پاڵەوان**: لە ماندوویەتی.

**پرۆلۆگ**: ئەی هاوار خۆ ئەمە لە خراپترین ماندووبوونەکانە.

**پاڵەوان**: کەی خولەکێکیش ئاسوودە بووم؟

ڕاخەرم زەوی بووە، پێخەفم ئاسمان.

هەر ڕووم کردووەتە دەشت و کێوان.

هەر چووم و نەگەیشتم.

هەر گەیشتم و تێنەگەیشتم.

هەر وتم ئا لەو دوورەوە کێوێک دیارە،

لە دامێنی کانیاوێک

تەنیشت کانیاوەکە سەوزایی.

هەبوو، بەڵام چۆڵ بوو.

هەموو شتێ هەبوو، بەڵام چ سوودی هەبوو؛ چۆڵ بوو.

**پرۆلۆگ**: پاڵەوان نەکا ئاشق بووبی؟

**پاڵەوان**: خۆزگە دەبووم

**پرۆلۆگ**: ئیتر بە ئێمە مەڵێ.

**پاڵەوان**: من عاشقی عەشقم.

**پرۆلۆگ**: چیرۆکێکی سەیرە{دەچرِێ} تۆ عاشقی و من بێئاگام ـ پێکەنیناوییە.

**پاڵەوان**: کەواتە پێبکەنە.

**پرۆلۆگ**: عیشق ــ

**پاڵەوان**: قسەی قۆر!

**پرۆلۆگ**: یانی نەبووی؟

**پاڵەوان**: با ڕۆژێکیان.

**پرۆلۆگ**: کام ڕۆژ؟

**پاڵەوان**: ڕۆژێک کە بۆم گشت ڕۆژێکە

هەموو ڕۆژەکانیش هەر ئەو ڕۆژەیە

**پرۆلۆگ**: کەی؟ چ کاتێک؟

**پاڵەوان**: نە دوێنی بوو، نە ئەمڕۆ

زۆر لەمێژە، هەزار ساڵە.

**پرۆلۆگ**: دڵی پاڵەوانێک وەک شۆڕەکاتە،

گیای تێدا ناڕوێ،

بەڵام ئەگەر بڕوێ، هیچ کات لێی نابێتەوە.

**پاڵەوان**: جوانت فەرموو پرۆلۆگ. هیچ کات لێی نابێتەوە.

**پرۆلۆگ**: بیریشی لێ مەکەوە، تۆ بەهێزترین پاڵەوانی، کەس ناتوانێ

ڕووبەڕووی تۆ بێتەوە.

**پاڵەوان:** بەڵام ئەو منی دا بە عەردا.

**پرۆلۆگ:** نەمبیستبوو.

**پاڵەوان:** ئەو تەنیا کەسێک بوو کە منی دا بە عەردا.

گوتی تۆ پاڵەوانی، برۆ بجەنگە.

گوتی برۆ بجەنگە، بیکوژە!

**پرۆلۆگ:** ئەی تۆ جەنگای؟

پاڵەوان: بەڵێ.

**پرۆلۆگ:** لەگەل خۆت

**پاڵەوان:** بەڵێ.

**پرۆلۆگ:** کوشتت؟

**پاڵەوان:** نەمتوانی.

**پرۆلۆگ:** نەتتوانی؟

**پاڵەوان:** نەخێر. هەموو جەنگێک کۆتاییەکی هەیە،

ئەم جەنگە کۆتایی نەبوو.

**پرۆلۆگ:** تۆ ئەمەت لەبیرت نەکرد.

**پاڵەوان:** دوێنێ بینیم هەزار ساڵە، بەڵام من نەمتوانی

**پرۆلۆگ:** دوێنێ -

**پاڵەوان:** وەکوو هەموو ڕۆژێک _

**پرۆلۆگ:** تۆ لە جەنگ گەڕایتەوە.

**پاڵەوان:** جەنگ لەگەل دێوێک.

**پرۆلۆگ:** ئەی دواتر؟

**پاڵەوان:** لە بەردەم دەروازەکە، گوێم لە خۆم بوو کە دەیگووت:-

تۆ پاڵەوانی، بەڵام لەگەل خۆشتدا ڕاستگۆ نیت.

ئەوەی هەموو ڕۆژێک دەیکەی جەنگ لەگەڵ دێو نییە.

ئەی فێڵباز، تۆ هەموو ڕۆژێک بە مەبەستی مردن دەجەنگی،

بەڵام بە زیندوویی دەگەڕێیتەوە.

درێغ بۆ پەلوپۆکەوتن، ئەوە چ درۆیەکە کە دووبارەی دەکەیتەوە ؟

ڕاستی دەکرد: من خۆم هەڵدەخەڵەتاند.

**پرۆلۆگ**: منیش خۆم هەڵدەخەڵەتێنم.

**پاڵەوان**: وەکوو هەر کەسێکی دیکە.

**پرۆلۆگ**: وەکوو هەمووان.

**پاڵەوان**: بەڵام من خەریکە چی دەڵێم؟ بۆ کێی باس دەکەم؟

**پرۆلۆگ**: بۆ من، بۆ ئێمە.

**پاڵەوان**: کەسانێک کە سەیر دەکەن، بەڵام نابینن.

**پرۆلۆگ**: ئەوە من بیری ئازارێک دەخاتەوە کە تەمەنێکە لەگەڵمدایە.

لەو ساڵی قاتوقڕییەوە لە پیرێژنێکم بیست کە دەیوت:

برینی گەورە تەنیا مرۆڤ تێکدەشکێنێت،

بەڵام ئەوەی کە دەیکوژێت برینە بچووکەکانە.

**پاڵەوان**: هەر بژی.

**پرۆلۆگ**: سەلامەت بی. کەواتە تۆ ئیتر__

**پاڵەوان**: خەریکە کۆتاییم دێ.

**پرۆلۆگ**: زۆر ناخۆش بوو.

**پاڵەوان**: کە ناتوانم ببمە ئەوەی خەڵکی تەماشام بکەن؟

**پرۆلۆگ**: خەڵکانێک کە تەنیا سەیر دەکەن.

**پاڵەوان**: مردنی پاڵەوانەکان!

**پرۆلۆگ**: کەسانێک کە تەنیا دەژمێرن، پاش جەنگ.

**پاڵەوان**: تەرمی مردووەکان!

**پرۆلۆگ**: جوانت وت پاڵەوان، شتی تر بڵێ.

**پاڵەوان**: لەبارەی چییەوە؟

**پرۆلۆگ**: هەر شتێ کە بتەوێ، هەر شتێ کە دڵت ئاسوودە بکا.

**پاڵەوان**: دڵی من؟ هەزاران ساڵ ڕووم لە دەشت و کێو کرد ئاسوودە نەبوو.

**پرۆلۆگ**: کەواتە لەبەر ئەمە ڕووت دەکردە دەشت و کێوان؟

وەکوو هەورەبرووسکە،

وەکوو هەور و با.

**پاڵەوان**: لەبەر ئەمە دەجەنگام.

**پرۆلۆگ**: لەگەڵ ئەو جن و پەرییانە

**پاڵەوان**: لەگەل خۆیشم!

**پرۆلۆگ**: سەیری هەر کەسێک دەکەی ئاسوودە نییە لە ژیانیدا

لەو ساڵی گرانییەدا، گوێم لە پیرەمێردێک بوو دەیگوت.

یەکێک لە بێ پارەیی دەناڵێنێ، یەکێک لە نەخۆشی.

یەکێک لە بێزاری دەسووتێ و، یەکێ لە عیشق.

بەڵام ئازاری عەشق خۆشترین ئازارە.

**پاڵەوان**: مەرگی عاشقیش خۆشترین مەرگە.

**پرۆلۆگ**: ڕاستت وت ئەوە باشترین مردنە.

**پاڵەوان**: یاقوت خەریکە دێت.

**پرۆلۆگ**: سیا.

**پاڵەوان**: تاکە دۆستی من.

**پرۆلۆگ**: لەناو ئەو هەموو دوژمنە.

**سیا**: هۆ، هۆ، هۆ-

**پرۆلۆگ**: بێ دەنگ، بێ قاڵ و هاوار. نەتبینم لەم ناوە، کاتی نییە. ملت بشکێنە!

{سیا کە لای ڕاستەوە هاتبوو لە چەپەوە چووە دەرەوە}

**پرۆلۆگ**: دەی پاڵەوان دەتوت_ لە عیشق.

**پاڵەوان**: زوڵفێک منی پەرێشان کرد.

گوتم ڕەنگ نییە ڕەشتر لە ڕەشی چاوەکانی.

بەژن و باڵایەک، باڵای منی چەماندەوە.

من ئەوم لە خەودا نەبینی.

من ئەوم لە ڕۆژێکدا بینی و ونم کرد.

وەکوو پاشایەک دەسەڵاتەکەی لەدەست بدات.

وەکوو ئەولیایەک، کە باوەڕەکەی لەدەست بدات.

قەڵغانەکەم فڕی دا، سەرم خستە سەر زەوی،

و خۆزگە هەڵمەنبڕیبا.

ژیان بێ ئەو زەردەخەنەیە، بیابانێکە،

کە من تێیدا سەرگەردانم.

**سیا**: هۆ، هۆ، هۆ، _

**پرۆلۆگ**: هەڵهەڵە لێ مەدە سیا، پاڵەوان سەودای جارانی نییە.

**سیا**: ئاخر ئەمرۆیش وەک ڕۆژانی تر نییە.

**پرۆلۆگ**: بێ تەپوتۆز، نەبینم کە وەستابی.

**سیا**: میوانی نەخوازراو منم؟ باشە دەڕۆم بەڵام لەپشت دەرگاکە وەستاوم.

{سیاکە کە لە خوارەوەی چادرەکە هاتبووە دەرەوە لە ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە}

**پرۆلۆگ**: بڵێ پاڵەوان؛ بڵێ.

**سیا**: سەت جار گوێم لێ بوو کەسێک بانگی دەکرد.

لە دار بیستم، لە ئاوێنە.

لە با،

لە ئاسکی بیابان،

لە ئاوی بەخوڕ،

کە منی بانگ دەکرد.

{سیا لە سەرەوەی ستەیجەکە دێتە ژوور}

**سیا:** هۆ پاڵەوان ـ ئەی هاوار بەماڵم، کونە مشکێک دەکڕین بۆ خۆحەشاردان.

دەرد و بەڵا نزیکە

**پرۆلۆگ:** خۆت هەزەلی مەکە یاقوت. لەم ساتەدا کوا ڕێزت؟

**سیا:** چوومە دەرەوە بەجێ ما.

**پرۆلۆگ:** کوا سڵاوت؟

**سیا:** ئاغاکەی خۆم سەڵاموعەلەیکوم.

ئاغاکەی خۆم سەرێ هەڵبڕە.

ئاغاکەی خۆم دەبینی وا دەلەرزم؟

ئاغاکەی خۆم، چونکە دەترسم.

**پرۆلۆگ:** ئەم ناز و عیشوەیە بەسە، بۆ ڕەنگ بە ڕووتەوە نەماوە؟

**سیا:** ئاغاکەی خۆم دونیام شێواوە

ئاغاکەی خۆم نەیژی درۆیە.

ئاغاکەی خۆم پشتوێن توندی

ئاغاکەی خۆم بۆچ پێناکەنی؟

**پاڵەوان:** چی بووە؟

**سیا:** هەموو شار بەدوای تۆدا دەگەڕان.

**پاڵەوان:** منیان دۆزییەوە؟

**سیا:** نا!

**پاڵەوان**: دەزانم؛ خۆیشم هەروەها.

**پرۆلۆگ**: ئێمە ڕێگایەکی درێژ دەبڕین.

بەڵام هیچ نادۆزینەوە.

**سیا**: ها! لە بەردەم دەروازەی شار دێوێک پەیدا بووە.

**پرۆلۆگ**: دێو؟

**سیا**: ڕمووزنێکی بیابانی، ڕمووزنێکی زەنگوڵە لەپێ

تارماییەک ڕێک وەک دوالپا.

دێوەزمەیەکی خاڵداری تەنوورە لە پێ،

کە ڕێگای مێگەل دەگرێ

کە ڕێگای ئاوی گۆڕی،

کە ڕێگای کاروانی دەگرت.

ڕمووزنێکی قابلەمە لەسەر،

ڕمووزنێکی سەری لە سکیدایە،

دێوێکی یەک چاو.

کچەکانمان کە بینییان، پێی پێکەنین.

ئەو بە حەوت جۆر دەرکەوت، پێش هەر حەوت دەروازەکەی گرت.

چ بەڵایەکە ـ کۆمەڵێک بە شوێن پاڵەواندا دەگەڕێن

بە هاوار هاوار.

**پاڵەوان**: من چیتر لەگەڵ کەسانی تردا ناجەنگم، جەنگێکی گەورەتر دەکەم.

**پرۆلۆگ**: لەگەڵ خۆی!

**سیا**: ئەی دڵی بێئاگا چ کوشتن و بڕینێک،

چ خوێنێک {دەوەستێ}

گوتت چی ناکەی!

**پاڵەوان**: تەنیا ـ ناجەنگم.

**سیا**: بێ گالتە؟

**پاڵەوان**: سوودی چییە؟ هەرجورێک لێی بڕوانی جەنگاوم

تەواوی تەمەنم، هەموو تەمەنی پڕ ئازارم.

بەڵام ئەمانە چییان کردووە؟ جگە لە سەیرکردنی جەنگی ئەوانی تر؟

من ئیتر هەموو شتێکم وەلاناوە.

**سیا**: ئەوە قسەی کۆتاییتە؟

**پاڵەوان**: قسەی پاڵەوان سەرەتا و کۆتایی نییە.

{بازرگان دێتە ژوورەوە}

**بازرگان**: هۆ، پاڵەوان_

**پرۆلۆگ**: گیانی من، ئازیزی من، تۆ کێی؟

***بازرگان***: من منم؛ پیاوی بەڕێز، کابرای بازرگان. ئۆی بازاڕ، ئۆی حوجرەکان. باس باسی دێوێکە، دێوێکی دوو سەر، چوار چاو، پێنج شاخ، حەوت دەست.

{ئاغا دێتە ناوەوە}

**ئاغا**: هۆ پاڵەوان.

**پرۆلۆگ**: گیانی من ئێوە چ کارەن؟

**ئاغا**: من شێخی کامڵی خاوەن ڕێبازم. ئۆی دەستە گوڵەکان، منارەکان، موسڵمان نەیبیستێ، کافر نەیبینێ، دێوێک هاتووە، خراپتر لە دێوێ سەمەندون، دڕندەترە لە سورخاب دێو، خوێنمژترە لە هیندی جگەرخۆر.

{شاعیر دێتە ناوەوە}

**شاعیر**: پاڵەوان لە کوێیە؟ دوورە یان نزیک؟ خەوتووە یان بەخەبەرە؟

**پرۆلۆگ**: گیانی من، ئێوە چ کارەن؟

**شاعیر**: من شاعیرم، پیاوێکی خۆش مەشرەب، پیاوێکی بێ ڕیا، ئۆی هەموو تێنووسەکان، دیوانەکان، سەفینەکان. دێوێک دەبینم، بە چاوی سوور، بە

نەفرەتێکی سەوز، بە چاوی بچووک، بە دڵێکی بەرد، بە هەزار سەر، بە هەزار ڕەنگ.

**پرۆلۆگ**: بەڵام پاڵەوان نایەوێ بجەنگێ.

**سیا**: جەماعەت دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون.

**ئاغا**: هەڵبەت کە گاڵتەیە. فشەیە. لە ڕابردوو و ئێستاشدا شتی وا نەبینراوە.

**شاعیر**: ئەو ژنە وتی پاڵەوان دەجەنگێ.

**بازرگان** :- ڕاستە، هەڵبەت ئێمە لەسەر هەقین. با بچینە پێشەوە.

سڵاو لە تۆ ئەی پاڵەوان، ئەوە چ قسانێکە، دەیکەن؟

**شاعیر**: لەمە درۆتر نییە.

پاڵەوان هەمیشە بە پاڵەوانی دەمێنێتەوە

**ئاغا**: لەوە ڕاستتر نییە.

تۆ پاڵەوانی ئەم شارەی

ئازاترین پاڵەوانی سەر زەوی

پیاوتر لە هەرکەسێکی تر _

**پاڵەوان**: و قوڕبەسەرتر لە هەمووان.

**بازرگان**: پاڵەوان چی گوت؟

**ئاغا**: من باش گوێم لێ نەبوو.

**شاعیر**: من بیستم و بڕوا ناکەم.

**بازرگان**: گوێ لە قسەکانی ئێمە بگرە _

**ئاغا**: خەڵکی ئەم شارە ئێمەیان ناردووە.

**پاڵەوان**: من گوێ دەگرم

**شاعیر**: هە_ بۆ ئازارەکانی ئێمە.

**پاڵەوان**: لەبەر ئەوەی ژانی ئێوە ژانی منە، بەڵام مەخابن ژانی من ژانی ئێوە نییە.

**ئاغا**: تۆ دەبێت بجەنگی.

**بازرگان**: بیستت؟

**پاڵەوان**: بیستم، بەڵام ناجەنگم.

**ئاغا**: دەبینن؟

**پاڵەوان**: من سوێندم خواردووە!

**ئاغا**: باشت نەکردووە.

**پاڵەوان**: من شمشێرەکەم ماچ کرد و وەلاوەم نا. من زۆر جەنگام، بەڵام هیچ کات سەرنەکەوتم.

**شاعیر**: پاڵەوان چی گوت؟

**بازرگان**: بە باشی گوێم لێ نەبوو.

**شاعیر**: بەڵام ئەمە کۆتا دێوە کە لەم دەرووبەرەیە.

**پاڵەوان**: هیچ دێوێک کۆتا دێو نییە، وەک چۆن هیچ پاڵەوانێک کۆتا پاڵەوان نییە.

{دەڕوات}

**شاعیر**: ئێمە بە هەموو هیوایەکەوە هاتینە ئێرە.

بەڵام بێ هیچ هیوایەک دەگەڕێینەوە.

پاڵەوانەکەی شار پشتی لە جەنگ کردووە،

و ئێستا شار کەوتووەتە دەست دێوێک،

(عەبا لەسەرێک دێتە سەرەوە)

**عەبالەسەر**: هۆ پاڵەوان –

**سیا**: [بەدار دەکێشێت بە سەریدا] تۆ ئیتر دەمت داخە!

{عەبالەسەرەکە دەچێتە خوارەوە}

**بازرگان**: ڕەنگە دەستەودامانی نزایەک بین، یان خەڵاتێک، یا پەیمانێک،

**ئاغا**: کەسێک نییە بکێشی بە سەرمدا و بڵێ ئەی قوڕبەسەر، بۆچی لە ناپیاوێک پاڕایتەوە.

**سیا**: {دەکێشێت بە سەریدا} ئەی قوڕبەسەر!

**ئاغا**: {لە گەڵیدا دەستەویەخە دەبێتەوە} بۆچی لێم دەدەی ئەی گڵاو!

**سیا**: خۆت وتت کەسێک نییە بکێشێت بە سەرمدا؛ من کێشام

**بازرگان**: کەس نییە پێم بڵێ هەی کاڵفام، هەی قوڕمساغ_ مردن جارێکە و شێوەنیش جارێک!

**سیا**: هەی کاڵفام، هەی قوڕمساغ، هەی دەبەنگ.

**بازرگان**: {پەلاماری دەدات} بۆچی جنێو دەدەی؟

**سیا**: خۆت ویستت کەسێک پێت بڵێ کاڵفام!

**شاعیر**: ئەی ئێمە تەمەنێک قەڵاودۆشکانم بۆ خەڵک گرتەوە کەس سوارمان نەبوو.

{سیا دەچێتە سەر شانی}

**شاعیر**: هۆو بۆ وا دەکەی؟

**سیا**: خۆت بەدوای یەکێکدا دەگەڕای سوارت بێت

{عەبا لەسەرەکە دێتە سەرەوە}

**عەباڵەسەر**: هۆ پاڵەوان –

**سیا**: {بەدار دەکێشێ بە سەریدا} تۆ ئیتر دەمت داخە!
{ عەباڵەسەر دەچێتە خوارەوە}

**شاعیر**: پرخە پرخ، دەیبیستن؟ دێوەکە هێشتا لەپشت دەروازەی شار نرکەی دێ، خۆی بە دیوارەکانی شاردا دەکێشێ – بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێ.

**ئاغا**: ئەی هاوار بۆ گشت شتێ، هەی داد و بێداد، دەستی نزا بۆ کێ بەرزکەینەوە؟

**بازرگان**: لەوانەیە ناچار بین لەگەڵ خودی دێوەکە ڕێک کەوین!

**سیا**: قاقا پێدەکەنم بە پیاوەکان، چەند باش هەڵدەبەزنەوە،

چەند زوو زەلیل دەبن.

**بازرگان**: تۆ خۆت چیت تا بە ئێمە پێیەکەنی؟

**سیا**: من نۆکەری پاڵەوانم؛ خاوەنی گۆپالێکی هەزار تەنی پۆڵام.

**بازرگان**: ئەو پاڵەوانە، تۆ بۆ خۆت گڤ دەکەیتەوە؟

**سیا**: هەرچەندە من لە کەسێک کەمترم، بەڵام بە تەنها خۆم

چەندین کەسم.

نۆکەرێکم کە چەندین بەرپرسیاریەتیم لە ئەستۆیە.

جاروبار پێشەنگم، جاری وەهاش پاشەنگ، جاری وەها بەیداخ بەدەست،

جارچی و کەڕەناژەن و دەهۆڵ کوت

جاروبار مەیتەر، جاری وەها عەوداڵ

قەراوڵ و ئەسپسوار و خزمەتکار

خەبەربەر، جارچی، نامەبەر

هاودەم، سفرەچی، هاومەحرەم

ڕاسپێردراو، مەیتەر، چەکدار

تۆپخانەچی، قەرەقۆز، پاسەوان

خانەخوێ، قاپیوان، سەرۆک ئاخوڕ

لە شەڕی دەستەویەخەدا پێکەوەین، ئەو شمشێر هەڵکێشی ئەوانی تر دەیخەنە کالانەوە.

ئەو هێرش دەبات، هەڵبەت من تێدەقووچێنم.

{عەبالەسەر دێتە سەرەوە}

**عەبالەسەر**: پاڵەوان لە کوێیە؟

**سیا**: بە دار دەکێشێ بە سەریدا، تۆ ئیتر دەمت داخە!

**عەبالەسەر**: خۆت دەمت داخە!

**سیا**: حەزت لە شەڕە، وەرە پێشەوە، بەڵام دەمامکەکەت لابە.

**عەبالەسەر**: خۆت لای بە، لە هەموو بنەماڵەکەمدا لە من جوانتر نییە.

{سیا عەباکە ڕادەکێشێ - ئەو دێوەکەیە. هەمووان هاوار دەکەن، دێوەکە پێدەکەنێ.}

**دێو**: من دێوم

من لە ڕێگای باگرەکانەوە هاتووم، لە ڕێگای ئاوە تیژەکان.

ئێستا من هێزی حەوت کوڕم هەیە،

وە حەوت برایشم،

کە هەمووان لە مندا کۆ بوونەتەوە،

من بە سی دەست دەجەنگم.

کە لە هەر دەستێک  گورزێک یا شمشێرێکم پێیە،

ڕم، یا کەمانێک، یا تیرێک.

من خاوەنی جادووم، هەرساتە و لە سووچێکدا ون دەبم،

بەڵام لە سووچێکی تر دەردەکەوم،

من بۆ پاڵەوانەکان ئایەتی مەرگم

من دەروازەکان دادەخەم، ڕێگە بە کاروانەکان نادەم.

منی مەڕ خۆری مێگەڵەکان دەڕفێنم،

گورگەکان مناڵی منن.

ڕۆژێک لە شێوەی کڕیار هاتمە شارەکە.

لە بازاڕەکانی ئێوەدا دەگەڕام.

کچە جوانەکانی ئێوە بە من پێدەکەنین

هەر ڕۆژە و بە دەموچاوێک دەگەڕامەوە و یەکێکیانم دەبرد.

منی تالآنچی، منی تالآنکەر هەمووانم ترساند و ڕاویانم نا.

پاڵەوانەکەی ئێوە دەترسێ.

من ئالنگاری دەکەم و جوابێک نییە.

زنجیر و گۆپاڵەکەیم دی هیچ نییە.

ڕەنگە ئیمانەکەیان فریان بکەوێ.

قسەی قۆڕی وام نەبیستبوو.

کام ئیمانە؟

ڕم و شمشێرم بیستبوو، گۆپاڵ و گورزم بیستبوو.

لەنێو ئەم چەکانەدا باسی ئیمانم نەبیستبوو.

من گڕم تێبەربووە ؛ هو ـ هو ـ هو ـ

من چاوەڕێی ڕکابەری هاوئاستی خۆم دەکەم.

**پرۆلۆگ**: دێوێک بەم هەیبەتە، ئەستەخفیرەڵا،

هەرچی وت و هەرچی کرد دەمی ئێمەی داخست.

**سیا**: {دەلەرزێ} پاڵەوان ـــــ

**بازرگان**: ئەی هاوار ـ بازاڕەکان، کاروانسەراکان، کۆگاکان.

**شاعیر**: ئەی هاوار ـ دەستنووسەکان، دەفتەرەکان، تێنووسەکان.

**ئاغا**: ئەی هاوار ـ گومەزییەکان، حوجرەکان، کاشییەکان.

**سیا**: پاڵەوان ــــ

**بازرگان**: دەبێ فێڵی لێ بکەین، دەبێ بۆ جەنگی بەڵا بینێرین

**ئاغا**: بە هەر فێڵێک بە هەر ڕاوڕێورییەک

**بازرگان**: ئەی هاوار، زێڕەکان لە کیس چوون.

**ئاغا**: ئەی هاوار، ئایەتەکان –

**شاعیر**: چیرۆکەکان، حەماسەکان، هەموویان لەناوچوون

{ پاڵەوان لە تەنیشتیەوە دێتە سەرەوە}

**پاڵەوان**: دەنگی ناحەزی کێ بوو – کە بانگی منی دەکرد؟

**سیا**: باشە کە هێشتا تاقەتی گاڵتەت هەیە پاڵەوان. چاک بە ئێمە پێدەکەنی.

حەزت لەم چەهچەهەیە دەیکەم؟

**پاڵەوان**: بۆ تۆ چەهچەهە لێ دەدەی؟

**سیا**: وا ئێمەت خستە ئازار و مەینەتییەوە، کە چەهچەهەمان لەبیر نەما

بە نەجەنگانی تۆ کێ خۆشحاڵ دەبێ پاڵەوان؟

**بازرگان**: من بڵێم؟

**ئاغا**: من بڵێم؟

**شاعیر**: من بڵێم؟

**سیا**: ئەو دێوەزمەیە، تۆ ئێمە بە قۆڵبەستکراوی ڕادەستی ئەو دەکەی.

**پاڵەوان**: من تەنیا گوتم ناجەنگم

**سیا**: بەڵام ئێستا کە بانگم کردی پاڵەوان وەڵامت دایەوە.

**پاڵەوان**: مەبەستت؟

**سیا**: تۆ لە دەست خۆت ڕزگارت نابێ پاڵەوان.

**پاڵەوان**: من لەژێر باری سوێندێکم.

**ئاغا**: بۆ شکاندنی سوێندەکەت ڕێگایەک هەیە، من سەدانجار تۆبەم شکاندووە.

**پاڵەوان**: پاڵەوان پابەندی سوێندەکەی دەبێ !

**شاعیر**: بەڵام ئەو ژنە وتی لە چارەی پاڵەواندا جەنگێکی گەورە دەبینێ

**پاڵەوان**: کام ژن؟

**شاعیر**: ژنێکی فاڵچی و چارەبین.

**بازرگان**: ئەو بە ئێمەی وت پاڵەوان دەجەنگێ – بێ ئەوەی شتەکە لەدەست خۆیدا بێ.

**پاڵەوان**: ئاوەهای وت؟

**شاعیر**: ئەو دانا بوو.

**پاڵەوان**: ئەو ژنە لە کوێیە؟

**کچەکە**: من لێرەم.

{کچەکە دێتە ژوورەوە}

**پاڵەوان**: {حەپەساو} تۆ چارەنووس دەخوێنیتەوە؟

**کچەکە**: من ئەستێرە دەبینم.

**سیا**: دەکرێ سەیری ئەستێرەکەی منیش بکەی؟

**کچەکە**: تۆ لە کام بورجی؟

**سیا**: بورجی زەهری مار.

**کچەکە**: هەر لەوێ بە کە شوێنی تۆ لەوێیە.

**پرۆلۆگ**: گاڵتە مەکە یاقوت، بینیت کە تەریقی کردیتەوە !

**سیا**: ئێمە هەرلەسەرەتاوە تەریق کرابووینەوە.

**بازرگان**: هۆ هەڵەوەڕ، چارەیەک بدۆزەوە. بڵێ چورتکەکان باویان نەما.

**ئاغا**: بڵێ کە دوعاکان قبوڵ نەبوون.

**شاعیر**: بڵێ کە ئەفسانەکان لەبیر کران.

**بازرگان**: خۆتمان لێ بەدەرخە ژنە.

**کچەکە**: وەرە تێر سەیرم بکە.

**سیا**: خەوت لێ کەوتووە پاڵەوان.

**پاڵەوان**: هەڵە نەبم، شتێک لە ئارادایە.

**پرۆلۆگ**: چی بووە ؟ بۆچی پاڵەوان ئاوا گۆراوە؟ بۆچی دەستەکانی دەلەرزێ؟

**بازرگان**: هۆ هەڵەوەڕ، پشکی خۆتت بەر دەکەوێ گەر بینێری بۆ شەڕ.

ئەی داماو، فێڵێک بکە، درۆیەک بکە، پشکێکت بەردەکەوێ.

**شاعیر**: ئەی ژنی جوان، کە قژێکی درێژت هەیە، من بە بەزری باڵات

شیعرێکت بۆ دەهۆنمەوە ئەگەر بینێری بۆ جەنگ.

**ئاغا**: ڕوخسارت داپۆشە ژنەکە، بەڵام نەک زۆر، من بۆ تۆ دوعا دەکەم ئەگەر بینێری بۆ جەنگ.

**پرۆلۆگ**: خۆتان لادەن، وسکت بن، شتێک ڕووی دا.

**سیا**: - هوسکون، کچۆلەکە  قسەیەکی کرد

**کچەکە**: من تەلیسمێک دەبینم –

**پاڵەوان**: بەداخەوە بەختی من وەک چاوەکانی تۆ ڕەش بوون.

**کچەکە**: من نهێنی دەخوێنمەوە. بڵێ، کە تۆ بیر لە کەسێ دەکەیەوە.

**پاڵەوان**: ساڵانێک هەر خۆت هەڵکێشا پاڵەوان، ئێستا کەمێک  ڕاستییەکان ئاشکرا کە.

**کچەکە**: من ئاوێنە دەبینم. گوێم لێتە. دەتگوت.

**پاڵەوان**: بەداخەوە خەیاڵم پەرێشانتر نییە لە زوڵفی تۆ.

**کچەکە**: ئاوێنەکە درزی تێکەوت، زارەکەمان باش نەکەوت.

خەیاڵی تۆ پەرێشانترە لە زوڵفی لوولی من.

**پاڵەوان**: ڕەنگە من ئەفسوونی نیگایەک بووبێتم،

ئەو شەماڵە کە هەلدەکا بێ زایەڵە نییە.

لە تۆدا عەشق و مەرگ هەردووکیان دەبینم.

**کچەکە**: من زار هەڵدەدەم. قسە بکە. لە بەیانییەوە بێ قەراری.

**پاڵەوان**: شتێکی نامۆ لە بەرانبەرم بوو.

**کچەکە**:- ئەم قەڵایە بێدەنگی باڵی بەسەرداکێشاوە.

**پاڵەوان**: بۆ هەر لایەک سووڕام، نە ڕێگایەک هەبوو نە دەلاقەیەک

داگیرکردنی ئاسانە، داگیرکردنی ئاسان نییە.

**کچەکە**: چاکە و خراپە دەکەی، بۆچی؟

چاوەڕوانی!- بەڵێنێک هەبوو؟

**پاڵەوان**: گوتبووی ئەو نەبینم نامرم.

**کچەکە**: بۆ وا زەڵت دەڕوانی؟

**پاڵەوان**: تۆ چارەنووس نابینی.

**کچەکە**: من لەپی دەست دەخوێنمەوە. خەتێک کە بەلای خەتێکدا تێ دەپەڕێ؛

لەوێدا بوو بە دوو لقەوە.

**پاڵەوان**: گوتبوی ڕوخساری نەبینم نامرم.

**کچەکە**: لە بەیانییەوە نوقمی خەیاڵی.

**پاڵەوان**: ئەمە چ زەردەخەنەیەکە کە تەواوی سەرکەوتنەکانی من بە گاڵتە وەردەگرێ.

**کچەکە**: من نێوچەوان دەخوێنمەوە.

**پاڵەوان**: دەشێ ئەمە هەمان ئەو چاوانە بێت کە لە تاریکی ئەواندا ون بووم.

لەوانەیە ئەم کەزییە درێژانە هەمان ئەو هەڵدێرە بێ کە کەوتمە ناوی.

**کچەکە**: من کۆنکەنەکان دەخوێنمەوە. پیرەژن و سەرباز و دڵ.

**پاڵەوان**: تۆ چارەنووس نابینی. لە چەندین کراسا تۆم بینیووە.

نا، تۆ بەخت ناخوێنییەوە،

لەوانەیە تۆ خودی چارەو بەختی من بی.

**کچەکە**: کارم بە درۆ ڕایی دەبێ.

بە هەر تاڵە قژێکمدا فیلێکم هەڵواسیوە.

ئەگەر نەتەوێ بڕۆم.

پاڵەوان: دوارۆژم لە دەستەکانی تۆدایە.

من پشکی تۆ دەدەم. بڵێ

لەمە ڕۆژگارە زیاتر یاریی بە من مەکە.

**کچەکە**: من فاڵی نۆک دەگرمەوە – بە کۆ و بە تاک.

بڵێ پاڵەوان شتێک لەسەر سەرت دەخولێتەوە.

**پاڵەوان:** ڕۆژێک عیشق لە شێوەی ژنێکدا دەرکەوت، بە جوانییەکی فێڵبازانە.

منی گۆڕی، کە نغرۆی لەخۆباییبوون و بێبەزەیی و ئازایەتی بووم.

**کچەکە:** بێدەنگ بە پاڵەوان؛ قسە مەکە، ئارام.

**پاڵەوان:** هۆ پاڵەوان، ئەم عیشقە چی لە تۆ کرد؟

**کچەکە:** هۆ پاڵەوان، تۆ چیت کرد لەگەڵ ئەم عەشقەدا؟

**پاڵەوان:** ڕۆشتم ئەوم لە بیاباندا ناشت.

ڕۆشتم ئەوم بە لەنگەرێک بەست و ناردمە قولایی دەریا.

ڕۆشتم ئەوم لە پێی داڵێک بەست و فڕاندمە ئاسمان.

هەرجارێک کە دەگەڕامە ماڵەوە، دەمبینی دانیشتووە و زار هەڵدەدات

وازم لە ماڵەوە هێنا، بووم بە قەلەندەر.

لەگەڵ من و بەدوای مندا دەهات.

لەپێش مندا دەرۆیشت، دەستی ڕاست و چەپم بوو.

**کچەکە:** تۆ باسی سوێندی گەورەی پاڵەوانانەت کرد.

ئەی تەڵەکەباز، تۆ چەندین جار سوێندت شکاندووە.

**پاڵەوان:** سوێندم خوارد لەبیری بکەم.

سەدان جار سوێندم خوارد و شکا،

یادی منی پەلکێش دەکرد.

**کچەکە:** ساختەچی.

**پاڵەوان:** لە دەست خۆم هاوار بۆ کوێ بەرم؟

نە قەرارێک، نە ئارامییەک.

ئاگر کەوتە کەوڵمەوە.

لە مندا شتێکی تازە هاتە ئاراوە.

گوتم خۆشی لەگەڵ ئەواندا بەش بکەم.

ئەوم بۆ لای هەمووان برد.

کڕنووشم بۆیان برد.

بۆیان جەنگام ؛ هەناسەم لە دووژمن بڕی.

خوێنم خواردەوە و سینەم هەڵدڕی.

تا ڕۆژێک شتێکی نامۆم بینی

بە خۆمم وت خۆت ببینە،

بووی بە یاری دەستیان.

لەم حەسارەی دەیبینن و بە دەست ئاماژەم بۆ دەکەن؛

ئەم بەزم و سەرگەرمییەیان!

کەس لەگەڵ تۆ نییە. لە تەنگانەدا کێت لەگەڵە؟

بەزەییان بە برینەکانم دێتەوە.

لە ناڵە و هاوارم.

تەنانەت بەزەیم بە دووژمنەکانیشم دێتەوە،

کە بوونەتە یاری ئەم خەڵکە تەماشاکارە.

**کچەکە**: قسە بکە پاڵەوان. من ڕووناکی دەبینم. هێندەی نەماوە، بڵێ

**پاڵەوان**: ماڵەکەم سندوقی غوربەتە

و گۆڕەپانی جەنگم فەرشی سێدارەیە

هەر ڕۆژێک دوژمنێک بە شێوەیەک دەردەکەوێت.

هەر ڕۆژێک هاتوهاوارێک لەنێوان ئەم کۆمەڵە تەماشاکارە.

بە داخەوە لە نێوان من و ئەواندا پەردەیەک هەیە،

کە لای نابەن.

دەستێک بۆ پێشەوەی دەبردم.

دەستێک لە مندا دەگەڕا.

ئایا ڕاستە، مەرگ ژنێکە؟

بڵێ، بێدەنگ مەبە، درهەمێک دەخەمە نێو درهەمەکانت ئەگەر ڕاستی بڵێی.

کچەکە: درهەمەکەت بۆ خۆت، بە فەقیرم مەزانە. من بۆ خۆم سامانێکم هەیە.

ئەمە فرمێسک نییە کە لە سووچی چاوەکانم دەیبینی؛

مرواریی خڕ دەهۆنمەوە.

**پاڵەوان**: لێوت یاقوتی سورە، گۆناکانت مەرجان.

زوڵفەکانت ماری زەنگییە، پاسەوانیی خەزێنە دەکات.

**کچەکە**: من زار هەڵدەدەم، زارەکان خراپ دەوەستن.

چە نەخشێکی نامۆ کەوتووە، کتێب و زار و کۆنکەن یەک شت دەڵێن.

نەکا پاڵەوان، نەکا، لەم جەنگەدا مەرگ هەبێ.

لەم جەنگەدا مەرگ مسۆگەرە.

نەکا بجەنگی، نەکا بجەنگی، نیشانە ڕەشەکان.

لەم جەنگەدا مەرگ مسۆگەرە.

**پاڵەوان**: ئەمە ئەو شتەیە کە بە دوای دەگەڕام.

**بازرگان**: کچەکە ون بوو. چ زریانێک.

**پاڵەوان**: بەڵێنێکم بە خۆم داوە.

**سیا**: بۆ کوێ پاڵەوان؟ ئێمە بێ ئاغا نەکەی ئاغا!

**پاڵەوان**: کوا قەڵغانەکەم؟ شمشێرەکەم لە کوێیە؟

**سیا**: شتێکت بیرکەوتەوە پاڵەوان؟

**شاعیر و ئاغا و بازرگان**: دێو! دێو!

**پاڵەوان**: دوێنێ – چ ڕۆژێک بوو – دوێنێ لای دەروازەکە گوێم لە خۆم بوو دەیگوت

هۆ پاڵەوان، بۆچی بەدوای دێودا دەرۆی بۆ کێو و دارستان؟

ئەگەر دەتەوێ، ئەو دێوە بکوژە کە لە ناخی خۆتدایە !

**پرۆلۆگ**: هاوار لەم دێوە.

**پاڵەوان**: زرێکەم، کڵاوخودەکەم.

**شاعیر**: من بۆنی عەشقم بیست.

**پرۆلۆگ**: گوێت لێ بوو؟ تۆ هێشتا لە بیرت نەکردووە پاڵەوان.

**پاڵەوان**: دوێنێ بینیم هەزار ساڵە، بەڵام نەمتوانی. ئەم دڵە هێشتابڵێسەی دێ.

**پرۆلۆگ**: ئەی هاوار کە ئەمە لە خراپترین بڵێسەکانە.

**پاڵەوان**: ئەم بڵێسەیە خوێنی منە. هەزار ساڵە نەمتوانیوە بیرێژم.

**پرۆلۆگ**: چی برێژی ؟

**پاڵەوان**: ئەم خوێنە – {دەنەرێنێ} شمشێرەکەم!

**سیا**: بیگرە.

**پاڵەوان**: لە بەردەم کام دەروازە؟

**سیا**: دەروازە گەورەکە. بوەستە منیش بێم ــ
**پاڵەوان**: نا – بەتەنیا !

{دەچێتە دەرەوە}

**بازرگان**: چی بوو؟ ژنەکە بۆ کوێ چوو؟ پارەی وەرنەگرت.

**ئاغا**: گوتمان بە فیڵێک پاڵەوان هەلخەلەتێنە، چ مەکرێکی کرد.

فیڵێک کە بە مێشکمدا نەدەهات. درۆیەک باشتر لە سەد ڕاستی.

**شاعیر**: شتێکی نامۆ بوو. چوون و هاتنی ـ شتێکی نامۆ نەبوو؟

**بازرگان**: فەرقی چی دەکا گەر بازاڕی دراوفرۆشان لە بەڵا دوور بێ؟

**ئاغا**: بازاڕی قورئانخوێنان و حەلوالێنەران!

**سیا**: بازاڕی خانم سەرۆکان!

**پرۆلۆگ**: دوێنێ بە تەنیشت دارمێوێک تێپەریم لە باخەوانێکم بیست کە دەیگوت

خەم و شەراب تا کۆن بن بۆ پیاو بەتامترە.

بزانە کە شەراب تەنیا بۆ ڕۆژێک پیاو لە پەلوپۆ دەخات،

بەڵام خەم بۆ هەمیشە.

**شاعیر**: من حەزم دەکرد پاڵەوان بام.

**سیا**: مەهێڵە حەزت لێ بێ !

**شاعیر**: هۆکارێک بڵێ.

**سیا**: شمشێری پاڵەوانێک قورسە،

وە پێیەکانی ماندوون.

لەو ڕێگا زۆرانەی کە ڕۆشتووە،

و ئەو شمشێرە قورسەی کە بردوویەتی،

و خەمێک کە هەمیشە دەیخوا.

**شاعیر**: ئەمە من بیری ئەو خەمە دەخاتەوە کە بوونی من.

**سیا**: پاڵەوان هەمیشە سەرگەردانە،

دڵیشی لە خۆی سەرگەردانتر.

**شاعیر**: من دەمەوێ ببمە پاڵەوان، بڕۆم بۆ شاخ و دارستان

وەک هەورە تریشقە، وەک باو بۆران.

**سیا**: پێوست ناکا بە دوای دێو بڕۆینە شاخ و دارستان،

ئەگەر ویستت بکوژی، دێوێک بکوژە کە لە ناخی خۆتە.

{دەنگی هەورە تریشقە}

**پرۆلۆگ**: پاڵەوان بۆ جەنگ ڕۆشت. جەنگی دوا دێو. بەڵام نەک دوایین؛

دوایین دێو ــ دڵی خۆی بوو.

{لە ناکاو پاڵەوان و دێوەکە دێنە سەرەوە،

بازرگان و ئاغا و شاعیر و سیا ڕادەکەن،

جەنگی پاڵەوان و دێو، دەنگی سازەکان. پاشان

ئەوان ون دەبن، کە هەرکەسە و لە ترسا بۆ لایەک ڕادەکات.

بۆ ساتێک سێبەری پاڵەوان و دێوەکە لەسەر

پەردەی باکگراوندەکە کە وێنەی جەنگی لەسەرە دەردەکەوێ

دێوەکە دەکەوێ، و سێبەری پاڵەوان تێ دەپەرێ،

هاتوهاواری خۆشحاڵی.}

**بازرگان**: من گوێم لە دەنگی دڵخۆشی خەڵکی بوو.

**پرۆلۆگ**: خەلکێک کە تەنیا سەیریان کردووە،

مەرگی دێوێک، یا کەوتنی پاڵەوانێک.

{پاڵەوان دێتە ناوەوە}

**بازرگان**: ئێمە هاواری خۆشحاڵی خەڵکمان بیست.

**ئاغا**: ئێمە وەستاوین تا دەستەکانی تۆ ماچ بکەین

**بازرگان**: و ئەگەر ڕێگە بدەی پێیەکانیشت

**شاعیر**: من هەمیشە حەزم دەکرد لە جێگای تۆ بام.

**پاڵەوان**: بەڵام من حەزم نەدەکرد لە جێگای خۆم بام.

**شاعیر**: پاڵەوان چی گوت؟

**ئاغا**: من باش گوێم لێ نەبوو.

**سیا**: پاڵەوان، تۆ برینداری.

**پاڵەوان**: بەڵێ، برینێکی بچووکە.

**سیا**: بەڵام هەمیشە مرۆڤ بەم برینە بچووکانە دەمرێ.

**پاڵەوان**: لە کۆتاییدا ڕشتم.

**سیا**: چی؟

**پاڵەوان**: ئەم خوێنە داخە.

سیا: کەواتە ئاسوودە بووی؟

**پاڵەوان**: خەریکە.

**سیا**: من چی؟

**پاڵەوان**: بیدە دەست ڕۆژگارەوە.

**سیا**: بەڵام تۆ خۆت نەتسپارد. خۆت ئەم برینەت دەویست.

**پاڵەوان**: نا، ئەوە دڕندەترین دێو بوو.

**شاعیر**: دڕندەترین؟

بەڵام کۆتا دێو نەبوو. گوێ بگرە گەنجۆ؟

هیچ دێوێک کۆتا دێو نییە.

هەروەک چۆن هیچ پاڵەوانێک

ئێستا کە ئێمە لێرەین، دێوی تر،

و هەروەها لەوانەیە ـ پاڵەوانی تریش

خەریکن گەورە دەبن

بەڵام تۆ هیچ کات، حەزمەکە، کە لە شوێنی من بی.

{شمشێرەکەی فرێ دەدات و.

بۆ لای قەڵاکە دەڕوات}

**سیا**: {هاوار دەکا} بۆ کوێ دەڕۆی؟

**پاڵەوان**: سەرەوە.

**سیا**: کەواتە تۆ دەڕۆی؟

**پاڵەوان**: بەڵێ.

**سیا**: بوەستە منیش بێم.

**پاڵەوان**: نابێ ـ بەتەنیا.

{ڕۆشتووە ـ دەرگای قەڵاکە دەدەخرێ}

**شاعیر**: پاڵەوان بۆ کوێ ڕۆشت ؟

**ئاغا**: بۆ کوێ ڕۆیشت؟

**سیا**: بڕۆینە ناو شار، هەموو شوێنێ بووە چراخان،

بڕۆین دڵخۆش بین دێوەکە کوژرا.

**بازرگان**: تۆش وەرە. لە هەموو شوێنێ سەما دەکەن؛

خانم کەرسوار، خانمی تەڵەکەباز، خانم فانۆس باز.

**ئاغا**: ناپەسەندە، شەرمە، بەڵام سەیرکردنیشی خۆشە.

**بازرگان**: وەرە بڕۆین ڕەشتاڵە، تۆی لاساییکەرەوەی گۆرانیبێژان هەقە لاساییکردنەوەیەکی باش بکەی ئەم جارە.

**ئاغا**: تۆ گاڵتەجاڕی، دەبێ خەڵکی بە پێکەنین بێنی.

**سیا**: من چیتر نامەوێ گاڵتەجاڕی کەس بم.

**پرۆلۆگ**: گیانمی یاقوت، من باسی تۆم کردووە و بەڵێنم داوە

ئێستا سیا هات، چۆن هاتنێ.

ژاوەژاو کەوتە ناو خەڵکەوە.

دایکان دانیشن، منالان بێدەنگ بن.

سەرەتا سلاو لە ئەوان بکە –

پاشان بسوورێوە، ڕاست و چەپ،

هەمووان چاوەرێی سەیرکردنی یارییەکانی تۆن.

**سیا**: ئیتر نابێ کەس چاوەڕێی سەیرکردنی من بێ.

**پرۆلۆگ**: چی دەڵێی کاکە؟ ئێستا تۆ تاکە کەسی

کە دەتوانی سەیرکەرانی من سەرگەرم بکەی.

**سیا**: من ناتوانم سەیرکەرانی تۆ سەرگەرم بکەم.

**بازرگان**: سیا، ئێستا کە هەمووان دڵخۆشن تۆ دەگریت؟

دڵخۆش بە سیا، ئاخر دێوەکە کوژرا !

**سیا**: بەڵێ، بەڵام پاڵەوانیش مرد.

**پرۆلۆگ**: پاڵەوان؟

**سیا**: بەڵێ، پاڵەوانی چیرۆکەکانی تۆ.

**شاعیر**: پاڵەوانی هەموو چیرۆکەکان.

**پرۆلۆگ**: پاڵەوانێک کە هێرشی بۆ هەمووان برد، بەڵام بەرانبەر

بە خۆی شکستی هێنا.

**ئاغا**: ئەو بە تەواوی مانا پاڵەوان بوو. مرد. تۆ دەگری.

**شاعیر**: ئێمەیش دەگرین

**بازرگان**: لە شاریشدا خۆشی دەکەن.

**شاعیر**: بۆ لەناوچوونی کۆتا دێو.

**پرۆلۆگ**: کام دێو کۆتا دێوە؟

{وچان}

**شاعیر**: ئێستا کە پاڵەوان مردووە، چیرۆکەکانی تۆ پاڵەوانێکی دیکەی دەوێ.

**پرۆلۆگ**: لە کوێیە جوامێرێک کە ئەم شمشێرە هەڵگرێتەوە؟

{بە بازرگان} وەرە هەڵیگرە، زۆر قورس نییە.

**بازرگان**: من ؟ بۆ من؟ کۆگاکانی من پڕن لە دەغلودان.

پرۆلۆگ: ڕاوەستە ـ

**بازرگان**: من بە خێرایی دەگەڕێمەوە.

پرۆلۆگ: {ڕوو لە ئاغا} تۆ هەوڵدە، لەوانە بتوانی.

**ئاغا**: من دوعا بۆ ئەو کەسە دەکەم کە هەڵی دەگرێتەوە !

**پرۆلۆگ**: {ڕوو لە شاعیر} تۆ چی؟

**شاعیر**: حەز دەکەم.

**پرۆلۆگ**: قوربانی هەناسەت بم، هەڵیگرە.

**سیا**: دەستی لێ مەدە، بیر بکەوە و، ئەگەر بیرت کردەوە و

هەڵتگرت بزانە کە ئیتر ناتوانی دایبنێی.

**شاعیر**: لەنێو ئەم دڵە داخەدا کە تەنیا لەناو بیابانەکاندا

بێدەنگ دەبێ.

**پرۆلۆگ**: ڕیز لە نێو ڕیز، شوێن لە جێی شوێن،

هەنگاوێک بۆ پێشەوە !

**شاعیر**: بەڵام ئەم شمشێرە بۆ وا قورسە؟

**سیا**: ئەمە سەرەتای پاڵەوان بوونە، بیخە سەر شانەکانت.

تۆ دەبێ تا کۆتاییی تەمەنت ئەم قورسییە لەسەر

شانەکانت هەڵگری.

لە ئێستاوە دەرگای هەموو دەروازەکان

بە ڕووتدا کراوەتەوە،

ڕێگای هەموو بیابانەکان بۆت درێژە

تۆ دەبێ بڕۆی و بڕۆی و بڕۆی !

لەژێر گەرمی خۆر

لەگەڵ ئەو گڕەی کە لە سینەتدایە.

**پرۆلۆگ**: ـــ بە هەنگاوی قورس ـ

**سیا**: و تەنیایی تاڵی پاڵەوانێک ـ

**پرۆلۆگ**: و قورسایی ئەم تەنیاییە.

**سیا**: تۆ دەبێ بۆ دەشتە دوورەکان بڕۆی ـ

**پرۆلۆگ**: و کێوی پشت دەشتەکان

**سیا**: و دونیای پشت کێوەکان.

**شاعیر**: ناتوانم.

{شمشێرەکە فڕێ دەدا.}

من لەسەر سەری ئەم شمشێرە دادەنیشم،

تا ڕۆژێک پاڵەوانێک دێ و هەڵی دەگرێ.

**سیا**: بڕوانە ئەم دێوە بڕوانە ئەم بەچکە دێوە،

بڕوانە گەورە و بڕوانە بچووک

بڕوانە لێو و بڕوانە ددان، بڕوانە لەیلا و

بڕوانە مەجنون،

بڕوانە کەر بردانە شەڕکەر، بڕوانە لۆتی و بڕوانە

عەنتەر، بڕوانە من و بڕوانە ئەوان.

**پرۆلۆگ**: ئێستا لە شاردا هەمووان بە مەرگی دێوێک

یا ئەتواری سیا، پێدەکەنن.

سیا: [تێدا دەمێنێت]من نامەوێ سیا بم.

**پرۆلۆگ**: منیش نەمدەویست بێ لانە بم، بەڵام ویستن و ژیان هەریەکن لە لام،

لەگەڵ تۆمە ؛ گۆرانی بڵێ و

بخولێوە هەمووان چاوەڕێن

**سیا:** ناتوانم. سوێند دەخۆم.

**پرۆلۆگ**: دەبێ بتوانی؟ بیستت؟ ئەمە قسەی پرۆلۆگە !

من تۆم بە دەستەکانی خۆم دروست کردووە.

**سیا**: بەڵام داوەکانی من بە دەستی تۆ نییە. من دەڕۆم

**پرۆلۆگ**: بۆ کوێ؟

**سیا**: شوێنێک کە بتوانم ئەم خوێنە ڕەشەی تێدا بڕێژم.

{پەردەکە دادەرێتەوە}

**پرۆلۆگ**: بەڕێزان و خانمان، خانمان و بەڕێزان

من دەمویست ئێوە سەرگەرم بکەم،

بەڵام ئەوان نەیانتوانی خۆیان فەرامۆش بکەن.

ئەوان کۆتی ئەو زنجیرانەبوون کە بەهێزتر بوو

لە قسەکانی من.

هەرکاتێک پەردەکە لادەدرا،

ئەوان پەردەیەکی تریان، بە ڕەنگی تریان لە خۆیان دەگرت.

بەڵام ئەمرۆ ئەوان پەردەکەیان دڕاند.

خانمان و بەڕێزان، بەڕێزان و خانمان

لە من ببوورن کە نەمتوانی سەرگەرمتان بکەم،

لەوانیش ببوورن کە نەیانویست هۆکاری

پێکەنینی ئێوە بن.

ئەوان نەیانتوانی خۆیان فەرامۆش بکەن،

و بۆچی هیچ کەس ناتوانێ خۆی فەرامۆش بکا؟

{تاریک دەبێ.}

**کۆتایی**